ئەی عائیشە، خوای گەورە میهرەبانە ومیهرەبانی ونەرم ونیان بوونی خۆشدەوێت

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی عائیشە، خوای گەورە میهرەبانە ومیهرەبانی ونەرم ونیان بوونی خۆشدەوێت، وهێندەی بەهۆی نەرم ونیان بوونەوە دەیبەخشێت؛ ئەوا بەهۆی زبری وتوند بوونەوە نایبەخشێت، وبەهۆی هیچ شتێکی ترەوە هێندەی (نەرم ونیان بوون) نابەخشێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاموژگاری عائیشەی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە نەرمونیانی، خوای گەورە میهرەبانە بەرامبەر بە بەندەکانی وئاسانکاری بۆیان دەوێت نەك بارگرانی، وفەرمانی شتێکیان پێناکات کە لە تواناياندا نەبێت، وپێی خۆشە بەندەکانی ئاسان بن لە مامەڵە ودەستبگرن بە ئاسانتر، بۆیە قسە توند وڕەفتار وشك نەبن، وخوای گەورە هێندەی بەهۆی نەرم ونیان بوونەوە دەیبەخشێت لە دونیادا لە ستایشی جوان وبەدەستهێنانی داواکراو وئاسابوونی مەبەست، ولە قیامەتدا بە پاداشتی زۆر، فرە زیاترە لەوەی دەیبەخشێت بەهۆی توندی و تیژی و زبری و وشکی، ئەوەی لەگەڵ نەرمونیانیدا بەدەست دێت لەگەڵ شتی تردا نایەت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5797